کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەورووپا 30-9-2007 0:09

## بۆ بەڕێزکاک فەلەکەدین کاکەیی تکایە ئەمجارە هەڵوێستێکت هەبێت... کارمەندێکی گۆڤاری هەرێمی کوردستان

بڕوا ناکەم لە کوردستان هیچ گۆڤارێکی هەفتانە هەبێت و بودجەکەی لە نیوەی گۆڤاری هەرێم زیاتر بێت، واتا ئەگەر نیوەی گۆڤاری ناوبراو بێت ئەوا دەکاتە (25) ملیۆن دینار، چونکە بودجەی گۆڤاری هەرێمی کوردستان (50) پەنجا ملیۆن دینارە، هەقە جەنابی وەزیر جارێک هەر تەنها جارێک لەو پارە زۆرو زەوەندە بکۆڵێتەوە کە ئاخۆ چی بە سەردێت، ئاخر لە ماوەی ساڵێکدا دەکاتە (600) شەشسەد ملیۆن دینار، واتە لە نیو ملیار دینار ڕەت دەبێت، ئەی جەنابی وەزیر نابێ بزانی ئەو هەموو ملیۆن دینارە بە چی خەرج دەکرێت.

با من پێت بڵێم ئەو پارەیە چی بەسەر دێت، باشترین ڕێگە چارەش ئەوەیە خۆت لێکۆڵینەوەیەک بکە، کارمەندانی ئەم گۆڤارە بانگ بکەو بزانە ئەوان دەڵێن چی.

1. ئەو برە پارەیەی کە دانرا شێرزادی پیرە گەندەڵ نووسراوی بۆ وەزارەتی دارایی کرد لە ڕێگای جەنابتانەوە کە گۆڤاری هەرێم (4000) دانەی لێ چاپ دەکرێت، بۆیە داوای زیادکردنی بودجەکەی کرد، بەڵام ڕۆژێک نەتپرسی ئەرێ ئەم گۆڤارە چەندی لێ دەفرۆشرێ و کوا داهاتەکەی! ڕاستی تەنها (1000) دانەی لێ دەفرۆشرێ، ئەگەر سەیری داهاتەکەی بزانی ئەو ڕاستییە دەزانی، ئەی ئەمە گەندەڵی نییە پارە بۆ (4000) دانە وەربگرێت و تەنها هەزار دانەش بفرۆشی، دە فەرموو لێکۆڵینەوە بکە بۆ نایکەی؟.
2. ئەو (3000) دانەی تر کە دەمینێتەوە، پارەکەی بەسەر (3) کەس دابەش دەکرێت، کە ئەوەندەی ئاگامان لێی بێت بەم شێوەیە:

- شێرزاد عەبدولڕەحمان ی سەرنووسەر و بەعسی و پاشەڵپیس زۆرینەی پارەکە وەردەگرێت و دەیخاتە تەنکەی گیرفانییەوە.
- نیوەکەی تر نەهرۆ کە گوایا ژمێریارو بەرپرسی داراییە بۆ خۆی گلی دەداتەوەو هەموو کارمەندانی ئەو گۆڤارە ئەو ڕاستییە دەزانن.
- سەعد شکاک کە پیاوێکی پارە پەرستەو هەر شەوەی خۆی داوەتی نووسەرێک هونەرمەندێک دەکات، گوایا بەڕێوەبەری کارگێرییە، ئەویش نیوەکەی تر دەبات.
- بۆ ئاگاداری جەنابیشت، محەمەد وەسمان گوایا جێگری سەرنووسەرە، دەسەڵاتی یەک دیناری نەدراوەتێ، بەڵام نەهرۆ لە ماوەی ساڵێکدا خانوویەکی کڕی ' سەعد شکاک خانوویەکی لە بەحرکە کرد و تەواوی کرد، لە ناو گۆڤاریش بڕیار هەمووی ئەوانەن، شێرە خۆی مات کردووە، چاوەڕێی سەرەمانگان دەکات بودجەی هەرێم بێت کە زیاتر لە (10000000) دە ملیۆن بۆ خۆی قووت دەدات، ئەمە جگە لەوەی هەموو شەو کۆمەڵێک برادەری وەکو خۆی داوەت دەکات و مێز دەڕازێننەوە، لە کاتێکدا هەمیشە بە پەیامنێرەکان دەڵێن ئەم مانگەی پارەمان نەما چونکە زۆر قەرزاربووین.

بەڵێ جەنابی وەزیر ئەمەیە حاڵی گۆڤاری هەرێمی کوردستان، دەپرسم فەرموو لە ڕێگای دیوانی وەزارەتەکەتەوە لێکۆڵینەوەیەک بکە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.